# "ژان ژاک رۆسۆ"

ن: رامین جەهانبەگلوو
و: عەتا جەمالی



بەشی 5-2

... ئەوە شایانی سەرنجە کە ڕۆسۆ لە "گوتارێک لەمەڕ نایەکسانی" دا خۆ لە بەکاربردنی وشەی "گوناح" دەپارێزێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە دەکات کە مرۆڤ لەبەر جودایی و لادان لە ڕێچکەی دۆخی ڕاستەقینەی خۆی، خۆشبەختی و بەختەوەرییەکەی دۆڕاندووە. ڕێگەچارەی لۆژیکی ئەوەیە کە مرۆڤ بانگهێشت بکرێت بۆ گەڕانەوە بۆ سروشت. بەڵام ڕۆسۆ لە ئەندێشەی خۆیدا باسێک لە گەڕانەوە بۆ سروشت یان هەرشتێکی تر ناکات، بەڵکوو لەبیری کامڵکردنی گەوهەر و زاتی مرۆڤدایە لەڕێگەی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە.

بەم شێوەیە ئەو هێڵەی کە دەبوو لەپاش "گوتارەکەی" شۆپی بگرتبایە، دیزاینی داهاتووی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی بوو. بەو جۆرەی ڕۆسۆ لە کتێبی "ئیمیل"دا دەڵێ: "ئێمە پێویستە کۆمەڵگە لەڕێگەی مرۆڤایەتیەوە و مرۆڤایەتی لەڕێگەی کۆمەڵگەوە بخوێنینەوە." دوو ڕێگە هەیە بۆ ئەم کارە: ڕێگەیەکیان "ئیمیل"ە و ڕێگەکەی تریان، "پەیمانی کۆمەڵایەتیی"ە. "ئیمیل" کتێبێکی چڕ و قەبەیە. خوێنەر ڕەنگە لەنێوان مەیلەو تاکباوەڕبوونی کتێبەکە لە سەرەتاوە و لە کۆتاییدا، مەیلەو کۆمەڵایەتیبوونەکەی هەست بە کۆمەڵێک ناڕەسایی بکات. مەبەستی ڕۆسۆ لە نووسینی "ئیمیل" لەراستیدا دەرهاویشتەی مەیلی پەروەردەناسانەی ئەو نەبوو، بەڵکوو دەیویست ئاسۆی سەرکەوتووانەی مرۆڤ لە سازگاری لەگەڵ دەورووبەری ئەخلاقیدا نیشان بدات.

مەبەستی ڕۆسۆ لە ئیمیل دا بیچمدان بە شارۆمەند (مرۆڤی شارۆمەند) نییە، بەڵکوو پەروەردەی مرۆڤی سروشتییە، ڕۆسۆ بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەرنامەی ئەو پەیڕەوی کردن لە سروشتە. ئەو لە کۆتاییدا، ئیمیل دێنێتە ناو بوونە کۆمەڵایەتییەکانەوە و لەگەڵ خێزان پێکەوەنانی ئەودا، گەلاڵەی ئەرکە شارستانییەکان دەکات. ئەوەی ڕۆسۆ مەبەستییەتی بیڵێ ئەوەیە:

1. هەمیشە ململانێیەکی دایمی لەنێوان کۆمەڵگە وسروشتدا هەیە.
2. ناتوانرێ، ئازادی لەم یا لەو جۆرەی حکوومەتدا بدۆزرێتەوە بەڵکوو ئازادی لە ناخی پیاوە ئازادەکاندا حەشارە.

کتێبی "ئیمیل" دابەش دەکرێتە سەر پێنج بەش: بەشی یەکەم، دۆخی منداڵ هەتا تەمەنی سێساڵی و ڕاڤەی چوونە ناو قۆناغی غەریزەکان دەکات. بەشی دووهەم، لە دۆخی منداڵ لە تەمەنی چوار هەتا دوازدە ساڵی دەدوێت، کە قۆناغی "تێگەیشتن"ە. بەشی سێهەم، پەیوەندی بە قۆناغی کۆتایی تەمەنی منداڵیی ئیمیلەوە هەیە. ئەم قۆناغە، قۆناغی بیرکردنەوەیە. لەبەشی چوارەمدا، قۆناغی مێرمنداڵیی مەبەستە کە قۆناغی هەست و سۆزە. بەشی پێنجەم، پێناسەی "سووفی" و خۆشەویستی و پێکگەیشتنی ئەو دوو گەنجە دەکات. ئەو قۆناغە، قۆناغی ئەرکی کۆمەڵایەتییە.

ئامانجی گشتیی ڕۆسۆ لە ئیمیلدا، لێکۆڵینەوە و گەوهەری سروشتیی مرۆڤە. ئەو لەو ڕێگەیەدا ڕوانگەیەکی گەشبینانەی هەیە، چونکە لە تواناکانی ناو گەوهەری مرۆڤ دڵنیایە هەر لەم ڕووەوەیە کە ئەو بانگەشە دەکات ئیمیل" پەیمانێکی فەلسەفییە لە بەختەوەریی سروشتیی مرۆڤدا" بەڵگەی دڵنیایی ڕۆسۆ، پێشتر لە کتێبی "گوتار"ەکەیدا هاتووە و لە ئیمیلدا دووپاتکراوەتەوە: ئەم بەڵگەیە لە ڕاستیدا هەمان هەبوونی خۆشەویستی بۆ خودە. ئامانجی پەروەردە لە کتێبی ئیمیلدا، پێشگیری لە ڕۆچوون و گەندەڵبوونی خودی سەرەتایی بەهۆی نزیکایەتیی ئەو لەگەڵ دەوروبەری گەندەڵە: پەروەردە لەسەر بنەمای میتۆدی سروشتی، بەجێگەی تێکەڵکردنی ئیرادەی مرۆڤ لە پەروەردەدا، خاوەنی تایبەتمەندیی پەیوەندندانی گەشەی تاک لەگەڵ بنەماییترین لایەنەکانی دۆخی مرۆییە. ئیمیل بەبێ ئەزموونی ڕۆحی، ناتوانێ بەختەوەر بێت. بەڵام ئەو تەنیا لە کۆمەڵگەیەکدا بەختەوەر دەبێت کە لەسەر بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕۆسۆیی پێکهاتبێت.

ڕۆسۆ دەڵێ هەموو مرۆڤەکان ئازاد و یەکسان لەدایک دەبن، بەم حاڵەشەوە لە کۆمەڵگە سیاسییەکاندا بەچەشنێکی نایەکسان دەژین و گرووپێک لەژێر ڕکێفی گرووپێکی تردان. دەسەڵات

لە سروشتەوە سەرچاوە ناگرێ، بەم پێیە، دەبێ پشت بە بنەمایەکی تر جگە لە سروشت ببەستێت. ئەندێشەکانی رۆسۆ لە گوتارەکان و پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، هەردووکیان هەوڵێکن بۆ پێشکەشکردنی روانگەگەلێکی جیاواز و دۆزینەوەی بنەمایەکی سروشتییە بۆ ئۆتۆریتەی سیاسی. بەم شێوەیە ئەو مرۆڤانەی بە سروشتی ئازاد و یەکسانن، هیچ دەروەستی دیتران نین مەگەر بەو بەڵێنی و ئەرکانەی خۆیان قەبووڵیان کردوون. بەگوتەیەکی تر تەنیا بنەمای گونجاو بۆ مافی حاکمییەتی سیاسی، پەیمانێکە کە بە رەزایەتی کەسانێک کە تیایدا بەشدارن، بەسترابێت. کەواتە ئەو ئۆتۆریتە سیاسییەی کە لەسەر بنەمای پەیمانێکی لەم چەشنە نەبێت، توندوتیژییەکی رووتە. تیۆریی رۆسۆ سەبارەت بە حاکمییەت، تیۆرییەکی پەیمانییە کە شەرعیەتی سیاسیی خۆی لەسەر بنەمای رەزایەتی شارۆمەندان بونیاد دەنێت. بە گوتەیەکی تر، ئازادی، پەیوەند دەداتەوە بە شێوەی بەشدارییکردنی شارۆمەندان لە شەرعییەت پێدان بە حاکمییەت. ئازادی، بەبۆچوونی رۆسۆ، بەواتای پەیڕەویکردن لە یاساگەلێکە کە تاکەکان بۆخۆیانیان داڕشتووە. واتا رۆسۆ دەڵی تەنیا ئەو یاسایانەی لەلایەن تەواوی خەڵکەوە دانیان پێدانراوە، دروست و دادگەرانەن.

رۆسۆ، لە راستیدا یەکەم فەیلەسووفێکە مرۆڤ لە دەلاقەی ئازادییەوە پێناسە و روون دەکاتەوە. بەبۆچوونی ئەو، ئازادی چارەنووسی مرۆڤە.

(چارلز تیلۆر) ئەم ئەندێشەیە بە ئەندیشەی مرۆڤناسانە ناودێر دەکات و لە ژیانی مرۆیی وەک چالاکییەکی هۆشیارانە دەدوێت. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە، رۆسۆ دەکەوێتە ململانێی پرەنسیپی لیبراڵەکان سەبارەت با ئازادی. رۆسۆ، سەرلەنوێ پرسێک دەورووژێنێتەوە کە هەست دەکرا بە تیۆرییە دەورانسازەکانی لیبرالیزمی جۆن لۆک، چارەسەر کراوە و کۆتایی پێهاتووە. ئەوەی رۆسۆ لە ئازادیی هەڵدەهێنجێ، ئازادیی تاکە. بەرنامەی سیاسیی ئەو داهێنانەوەی دۆخی سەربەستی لە سیستەمێکی لەسەر بنەمائۆتۆریتە و حاکمییەتدایە. سەربەستیی ئەو لە ئیرادەی دیتران، تەنیا لەرێگەی وابەستەیی تەواو بە یاسا گەرەنتی دەکرێت. یاساگەلێک کە هەموو شارۆمەندێک بەشدارە لە داڕشتنیدا.

هەڵبەت ئافراندنەوەی دۆخی سروشتی ئەستەمە. بەڵام دەکرێ بە گەڵاڵەیەکی نوێی دیکە شوێنەکەی پڕبکرێتەوە. لە دۆخی سروشتیدا مرۆڤەکان سەربەست بوون، چونکە بە شێوەی تاکی دەژیان و پێویستییەکانی هەمووکەس هێندە ساکار بوون کە هەر بە هەوڵی خۆی دەستەبەر دەبوون. لە دۆخی کۆمەڵایەتیدا، مرۆڤەکان کۆمەڵێک پێویستییان هەیە کە دەستەبەرکردنیان پێویستی بە هاوکاری ئەوانیتر هەیە.

بەرنامەی سیاسیی رۆسۆ، لەراستیدا قوازتنەوە و بەکارهێنانی سەربەستیی دۆخی سروشتییە بۆ دۆخی سیاسی. لە ناوەندی بەرنامەکەی رۆسۆدا پەیمانێکی کۆمەڵایەتی هەیە کە بۆ هەر تاکێک کۆمەڵێک ئازادی لەبەرچاو دەگرێ کە بەر لە بیچمگرتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوویانە. ئێستا ئەگەر بڕیار وابێ ئازادی لەرێگەی گەیشتنەوە بە سروشت دەستەبەر بکرێ، ئازادیی دیموکراتیک بریتییە لە گوێڕایەڵی و ملکەچی لە بەرانبەر بەڕێوبەرێتیی باڵای ئیرادەی گشتیدا.

لە روانگەی رۆسۆدا، ئەوەی کۆمەڵگەیەکی رەسەن لەو کۆمەڵگەیەی ئەو بە "مێگەل" ناوی دەبات، یان کۆمەڵگەیەک کە لەرێگەی کۆبوونەوەی بەشەرەکانەوە پێکهاتووە، جیا دەکاتەوە، ئیرادەی گشتیی چالاک و دینامیکی خەڵکە. هەر بەم شێوەیە، ئەوەی یاسایەکی رەسەن لەوەی ئەو بە حوکم و فەرمان ناوی دەبات جیادەکاتەوە، ئەویە کە یاسا لە راستیدا دەرکەوتی پراکتیکیی ئیرادەی گشتییە. یاساکانی ناو نەزمێکی کۆمەڵایەتی دادگەرانە، دەرکەوتی ئیرادەی گشتیی خەڵکە، ئیرادەی گشتی هەڵگری سێ تایبەتمەندییە:

1. نامۆیی پەرێزە.

2. نوێنەرایەتی قەبووڵناکات و ناگواستریتەوە.
3. تەنیا دەتوانێ وەک ئیرادەیەکی دینامیک بوونی هەبێت.

بەڕای رۆسۆ، حاکمییەت نامۆیی پەرێزە و هەر لەبەر ئەوەش هەڵگری نوێنەرایەتیش نییە. بەم پێیە، ئیرادەش ناگواسترێتەوە. ئیرادە تەنیا بەشێوەی خواست و ویست بوونی هەیە و تەنیا لە رێگەی هەنگاونان بەرەو ویستن و ئیرادەکردن ئەگەری هەبوونی دەبێت، جا چ بە پراکتیکی هەبێت لەناو گرووپێکدا یان نەبێت. بەم شێوەیە، بەبۆچوونی رۆسۆ، یاسای ئەخلاقی لە یەکانگیری و پێکبەستەیی زەروریی نێوان ئیرادەی تاک و ئیرادەی گشتییەوە سەرچاوە دەگرێت. کاتێ تاک دەگات بە ئازادیی ئاوەزمەندانە، ئیرادەی گشتیش رووی راستەقینە بەخۆیەوە دەگرێت. شارۆمەند کەسێکە کە بەردەوام لەهەوڵی بیچمدان بە ئیرادەی گشتیدایە و ئەگەر کەسێکیش وا نەبێت کەسێکی بێلایەن و بێهەستە و لەراستیدا شارۆمەند نییە.
هەڵبەت، ئیرادەی گشتی هەمیشە ئیرادەی هەموان نییە چونکە هەندێجار بەشداریکردنی خەڵک کورتی دێنێت. لەم رووەوە رۆسۆ ئەوە شیدەکاتەوە کە رەنگە کەسێک بەردەوام بەرژەوەندی و بەختەوەریی خۆی بوێت، لەحاڵێکدا کەسێکی تر وانەبێت.
هەر لەبەر ئەوە، رۆسۆ جیاوازی دەکات لەنێوان بەرژەوەندیی تایبەتی و بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگەدا، وەک دەڵێ: ئیرادەی پاژەکی وەک خۆی گرینگی بە جیاوازییەکان دەدات بەڵام ئیرادەی گشتی مەیلەو یەکسانییە" رۆسۆ بە سەرنجدان بە شێوە جۆراوجۆرەکانی ئیرادە، واتە، ئیرادەی پاژەکی و ئیرادەی گشتی، باوەڕی وایە کە ئەمانە هیچ خاڵێکی هاوبەش و رێککەوتن ئامێزیان پێکەوە نییە. بەڕای رۆسۆ، ئیرادەی پاژەکی، ئیرادەی بەشەرە وەک بوونەوەرێکی سروشتی، بەڵام بوونەوەرێک کە ئەو بە بێمێشک ناوی دەبات.
ئەم ئیرادە پاژەکییە، مەترسییە بۆسەر کۆمەڵگە، چونکە تاک تووشی چەواشەیی لەنێوان خۆی وەک بوونەورێکی سروشتیی ئازاد و بوونەوەرێکی بەتاواو مانا مرۆیی دەکات کە خاوەنی ئازادیی ئەخلاقییە.
شارۆمەند، ئەگەر بڕیار بێ لە قەڵەمڕەوی ئەخلاقیدا گەشە بکات و سەربەستییەکەی پارێزراو بێت دەبێ لە پرۆسەی ئازادیی ئەخلاقیدا بەشدار بێت. بۆ دەستەبەربوونی هەل و ئەرکە شارۆمەندییەکان، پێویستە خۆ لە دیلی و ملکەچبوون لە بەرانبەر ئارەزووە رەمەکییەکان لابدات. پەیڕەوی لە ئیرادەی گشتی یەکسانە لەگەڵ رەتکردنەوەی بوونی رەها و سەربەستی کەسی تر و بەشداریی بەردەوام لە پێکهێنانی ئیرادەی گشتیدایە.
لەو رووەوە کە ئیرادەی گشتی پێویستە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەوانی تردا پێکبێت، ئەو پرۆسەیە هەنگاوێکە بەرەو بەکۆمەڵایەتیبوون. جا بەمەبەستی بەدیهاتنی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی کاریگەر و پاراکتیکی، تاک دەبێ بەشداریی چالاکانەی لە کار و خواستە گشتییەکاندا هەبێت. زاتی ئەو هێزە چییە کە رەنگە تاکەکان لە ئیرادەی پاژەکییەوە بەرەو بیچمگرتنی ئیرادەی گشتی هانبدات؟ لێرەدا بۆچوونی رۆسۆ لەمەڕ هەوڵدان بۆ ئازادبوون، نزیکە لە بۆچوونی ئەفلاتوون لە کتێبی کۆماردا. لە چیرۆکە سیمبۆلیکەکەی ئەفلاتووندا، زیندانییانی ناو ئەشکەوتەکە لە سێبەرەکان رادەمێنن و پاشان کە بەئاگا دێنەوە دەڕۆن بەرەو هەتاو لەسەر ئەشکەوتەکە. ئەفلاتوون سیستەمێکی پەروەردەیی لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی گەڵاڵە دەکات. رۆسۆ بە سوود وەرگرتن لە ئەندێشەی ئەفلاتوون لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، لەو بڕوایەدایە کە ئەندێشەی سوو وەرگرتن لە زەبر بۆ بەدەستهێنانی ئازادی بەمانای هەوڵ بۆ تۆکمەکردنی دەسەڵات نییە، بەڵکوو مەیلێکە بەرەو فەلسەفە. رۆسۆ لە ئێمەی دەوێ، کە شێوەی "بوون"ی خۆمان بگۆڕین. ئێمە

دەتوانین شێوەی بوونی خۆمان لەڕێگەی وازهێنانی بەیەکجاریی لە مافە تاکییەکانمان، خۆمان بگۆڕین. وازهێنانێکی لەم چەشنە بە دوو هۆ پێویستە:

1. تاکەکان ناتوانن لە بەرانبەر حاکمییەتدا داوای مافەکانی خۆیان بکەن و بیانپارێزن.
2. ئەگەر تاکەکان لە هەندێ حاڵەتدا هەندێ مافی تایبەت و پارێزراویان هەبێت، دەسەڵاتی حاکمییەت دەکەوێتە مەترسییەوە.

جا ئەگەرچی تاکەکان، هەموو مافەکانی خۆیان دەگوازنەوە بۆ حاکمییەت، بەڵام بۆ ئەوەی نەچنە ژێر ڕکێفی سیستەمێکی نادادگەرانەوە، هەندێ پاڵپشت و پشتگیری تایبەتیش بەدەست دەهێنن. ئەوانە بریتین لە:

1. پرۆسەی یاسادانان.
2. ئەو ئەنجومەنە دەورەییانەی بۆ پەسندکرانی هەموو یاساکان پێکدێن.

ڕۆسۆ دوو ئەرک لەسەر ئەنجومەنی گشتی ڕەچاو دەکات. لە "پەیمانی کۆمەڵایەتی"دا ئەنجومەنی گشتی ئەو خەڵکە لەخۆدەگریت کە لەدەوری یەک کۆدەبنەوە. لە حکوومەتی لەهەستاندا(پۆڵندا)، ئەنجومەن لە کەسە دەستبژێرکراوەکان پێکدێت. لەو ڕووەوە کە ڕۆسۆ نوێنەرایەتی ڕەتدەکاتەوە، کەسە هەڵبژێردراوەکان، تەنیا لەڕێگەی خەڵکەوە، دەتوانن ببنە خاوەنی مافی دانانی یاسایەکی تایبەت. "پەیمانی کۆمەڵایەتی"ی ڕۆسۆ، بابەتێکی تریشی تێدایە: خەڵک چۆن دەبێ بزانن کۆمەڵگەیەک بەدروستی کار دەکات و سیستەمێکی دروستی هەیە؟ چارەسەر دەگەڕێتەوە بۆ یاسادانەر. یاسادانەر ئەندازیارێکە کە ماشێن چاک دەکاتەوە نەک کەسێک کە بەرپرسی ئەو ماشێنەیە. لەم ڕووەوە، ناشێ مافی یاسادانان بدرێت بە هەمووکەسێک کە لەسەر دەسەڵاتە. ئەو مافێکی لە ئەستۆی مرۆڤەکان نییە و بەڕاستیش ناتوانێ یاسا دابنێت. چونکە تەنیا دەنگە ئازادەکانی خەڵک خاوەنی مافێکی لەو چەشنەن.

یاسادانەر، بەپێی ڕەزامەندیی گشتی دەتوانێ مافی بەدواداچوون و ڕاسپاردنی یاسای هەبێت. ئەو دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوە نییە. دەسەڵاتی کاریزماتیکیش بۆ ئەو دەبێتە هۆی ڕووخانی هەستی سەربەستیی تاکەکان.

Rojhalat